کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-8-2007 14:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەرەی بەرژەوەندیە تایبەتیەکان لەنێو چینی ڕۆشنبیردا ... هەورامان علی تۆفیق

Berzi-san@web. de

هەمیشە کۆمەڵگا لە دروست بوونی بەرەی جیاواز و دژ بەیەك بێ بەش نەبوە و بەردەوام بوونیشی



لەگەڵ لایەنی سلبیشی کارێکی باشە و سوودس خۆیی هەیە، بەڵام لەو چوار چێوە زانستیە پێشکەوتووە دا کە هاوکارو پاڵپێوەنەری بەرەو پێش چوون هەنگاو نان و بنیاد نان بێت بێت..
ماوەیەکە دەرگایەتی دژیاتی و سوکایەتی پێ کردن لە ڕووی شاشەی تەلەفزیۆن و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندنەوە کراونەتەوە کە شەلم کوێرم ناپارێزم کەوتوونەتە گیانی ئەم و ئەو ئەوانەی کە دەیانەوێ خزمەت بکەن و بۆچوون پێشنیارو زانیاری پێویست پێشکەش بکەن ئەگەر لەدوریشەوە بێت.. بێ گومان هەندێ جار دووری لە نزیك بونەوە باشترە و کاریگەری زیاتری دەبێ.. گرفت لەوەدایە کە کاتێك دونیای بەرقەراربوونی دیموکراتیەت و چۆنیەتی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگا و شارستانیەتی نوێ و دواتریش بەرەنگاربوونەوە و کارکردن دژ بەگەندەڵی بخرێتە چوارچێوەیەکی دژ بە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان.. ئەمەش ئەرکی ڕۆشنبیرو کەسانی شارەزاو دڵسۆزو نیشتمان پەروەرن کە بتوانن لەرێگای ڕاگەیاندنەکانەوە هۆشداری و زانیاری و پێشنیارو ڕاسپاردەیی پێویست و بەسود بدەنە کۆمەڵگاو دەسەڵات.. بەڵام ئەوەی نەهامەتیە لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا، هەموو پرەنسیپەکان شێواون و بەئارەزوو ویستی ئەوانەش هەڵدەسوڕێ کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە یان لەو دەزگاو لایەنە ڕاگەیاندنانەدا کاران و بە بەرچاوەوەن و دەستیان دەڕوات..
ڕاگەیاندنی کوردی هەروەك چۆن لە ناوەڕاستی ساڵانی 90 وەدەکان هێرشێکی دارێژراو بەپلانی هێمنانەی دەکردە سەر کەسایەتی کورد لەهەندەران بەبێ ئەوەی ڕۆڵێ کەسایەتی کورد ئەگەر ئەوکات هەنووکەی نەبوایە بەڵام دەکرا ئایندەییانە لێی بڕوانرایە و لەبەر چاوبگیرایە.. بەهەرحاڵ ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت چەند ئەوانەی کە لەرێگای جنێودان و بەکارهێنانی زمانێك کە دوور لە ئاستی ڕۆشنبیری و مرۆڤایەتیەوە لەسوکایەتی و چوونە نێو ووردەکاریەکانی ژیانی کەسایەتی کوردەوە ئەگەر ئەو کەسایەتیە هەرکەس بێت.. ئەمەش پیشەو کاری ئەوانەن کە لەدێر زەمەنەوە پێ ی ڕاهاتوون و لەو ڕۆژگارەوە دروست بوون کە دەرگای دووبەرەکیان بۆ کورد دروست کردوە و بەو بیانووەوە و لەژێر پەردەی شەڕی براکوژی دا بەیەکتریان دەکرد.. ئەوە لەگەڵ ئەوەشدا بەعسیەکان و زانستی ڕۆشنبیری ئەو دەسەڵاتە لەماوەی حکومڕانیدا کەسایەتی ڕۆشنبیری پێ پەروەردەدەکرد و ئەو ئاوڕشتینەی ئەویش تا ئەمڕۆ ماوەتەوەو پێ ی زۆر لەو کەسانە هێشتا تەڕە..
کاتێك باس لەسایتە کوردیەکان یان ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی تر و ئەو ڕشنبیرو نوسەرانەی کە دەنوسن و زمانی زبرو سوکایەتی و هێرش بەکاردەهێنن و ئەمانە بەو چاوە سەیر دەکرێن کە دژ بەدەسەڵات و پرۆسەی سیاسی کوردن و بەدەستی دەرەکی وناحەزان ئەو کارەدەکەن.. ڕەنگە هەبن لەو کەسانەی کە ئەم ڕۆڵە بگێرن ئەگەر لەناوەوەی کوردستان بن یا لەدەرەوە، بەڵام مانایی ئەوە نیە ئەوانەی دی کە هەمیشە بە پەرۆشەوە ڕەخنە دەگرن و بەتەنگ پرسە گرنگەکانەوەن و لەدڵسۆزیان بۆ کورد و کوردستان دەنوسن بەڵام ئەوەی ئاستەنگەو ئەوەی جێگای داخە دەسەڵات و ئەوانەی کە ڕوبەڕوی ئەو ڕەخنانەدەبنەوە گوێ بیستنین و بەهیچ شێوەیەك گرنگی بەو بابەتانە نادەن و بەشێوەیەك کە کەس لەگەڵ ئەوانی نیە.. ئەمەش شێوە بێزاری و نائومێدی لای ڕشنبیری کورد دروست دەکات و هەندێ جار

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە کە پەنابەرێتە بەر شێوازی دی.. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەشمان لەیاد نەچێت ئەو شێوازانە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا هەن و تاڕادەیکیش بونیان کاریگەری باشی هەیە چونکە دەبنە هۆیەکی هەمیشە بەرچاو کە دەسەڵات و ئەوانەی بەردەوام ڕوبەڕوی ئەم جۆرە هێرشانە دەبنەوە حساب بۆ هەنگاوەکانیان بکەن و هەموو کات ئەو هێرشانەیان لەبەر چاو بێت.. کاتێك چاودێری و لێ پرسینەوە و بەدواداچوون بوونی نەبێت بێ گومان ئەم دیاردەیە جێگای دەگرێتەوە، چونکە کۆمەڵگای ئێمە بەپێچەوانەی کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان کە ڕاگەیاندنەکان کارێکی نەشیاوی خاوەن دەسەڵاتێك بەدیاردەخەن ئەوە ئەو کەسە ڕووبەڕوی دادگا و لێپرسینەوە دەبێتەوە و زۆرجاریش دەبێتە هۆیی ئەوەی ئەو کەسە واز لەبەرپرسیاریەتەکەی دێنێ بەڵام لای ئێمە ئەوەی زیاتر لەسەری بنوسرێت و گەندەڵی و کاری نەشیاوی لەبارەوە ئاشکرابکرێت ئەوە برپرسایەتی و دەوڵەمەند بوون و ڕێزی زیاتری لەلایەن دەسەڵاتەوە لێدەکرێت، ئەویش لەڕوانگەی ئەوەوە کە لەلایەن نەیارانیەوە هێرشی دەکرێتە سەرو بەوپێیە ئەو کەسە دڵسۆز و بەوەفایە بۆ دەسەڵات. ئەمەش لێکدانەوەیەکی هەیە و لەهەندێ سەرچاوەی سیاسیەوە ڕێچکە دەگرێت کە لەگەڵ خواستی ئایندەیی سیاسی کوردی دانیە و یەکێکە لە هۆکارو درێژەپێدەری دیاردەیی گەندەڵی..

نەبوونی دادپەروەری لەنێوان مامەڵە کردن لەگەڵ ً کەسایەتی کورد بەو شێوەی کە گونجاوە.. واتە ئەوانەی کە لەنزیکەوە خۆیان بەدەسەڵاتەوە هەڵواسیوە و بەکارێك یان بەشێوازێکی دی کەڕەنگە هەمووومان بیان زانین و پێویست بەوەنەکات باسیان لێوە بکەین دەگەنە ئەو دەسەڵات و دڵلێڕازی بوونەی کە دەبێتە مایەی بەدەست هێنانی هەموو مرامەکانیان و ئەمڕۆ خۆیان دەخەنە ئەو بەرەخێرەی کە دڵسۆزی نیشتمان و کەسێکی بەوەفایی دەسەڵاتە و خزمەت دەکات و ئەوانەشی کە بەپێچەوانە لەدەرەوەی ئەو بازنەیەدا کاردەکەن و بەچاوێکی ترو بۆچونێکی ترەوە ڕاستیەکان دەبینن کە پەیوەندی بەبەرژەوەندی و دەسەڵات و مانەوەو پاراستنیەوە نیە دەخرێتە بەرەی شەڕو دژەووڵات و نەیارو دەستی بێگانەو هەزارەها تاوانی دی.. ئەم شێوەیە دووبەرەکیە و دروست کردنی ئەم بەرە دەست کردانە ڕەنگدانەوەیەکی خراپ و سلبی بۆ سەر کەسایەتی کورد دەبێت و پیرۆزی کاری ڕۆشنبیریەت و زانستەکان کەم دەکاتەوە و خوێنەرو گوێگران و بیسەران دەتۆرێنێ.. کەواتە پێویستە کەسایەتی ڕۆشنبیر پێش ئەوەی هەنگاوێك بنێ یا وەتەیەك بدات و بیرو ڕایەك بدرکێنێ هەموو لایەنەکان لێکبداتەوە و بەرژەوەندیە نەتەوەیەکان بخرێنە پێش چاو... کەواتە گرنگە دەسەڵات و ڕاگەیاندنەکانی ئەوە لەبەرچاو بگرن کە یەك ڕیزی و ووشیاری لە درکاندن و ووروژاندنی پرسە گرنگەکان کە پەیوەندیان بەژیانی کەسایەتی کورد و پرسە سیاسی و نەتەوەیەکانەوە هەیە و لەهەمان کات دا گوێگرتن و چوون بەدەم داواو پێشنیارو خواستەکانەوە و هەمیشە بەدواچوون لێپرسینەوەو ئاشکرابوون و ڕوونی لەڕاستیەکان بوونیان هەبێت بێ گومان ئەوکات ئەو دووبەرە وەهمیە دروست کراوانەی کە دروست کراون بونیان نامێنێنت..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.